سودانی: هێزە سەربازییەکان ڕووبەڕووی هێرشی درێنی خۆکوژ بوونەوە



سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، هێزە سەربازییەکانیان ڕووبەڕووی هێرشی درێنی خۆکوژ بوونەوە؛ دەشێت، سەرکەوتوو بوون لە دوورخستنەوەی مەترسییەکانی جەنگ لەسەر عێراق.

سێشەممە، 24ـی حوزەیرانی 2025، محەممەد شیاع سوودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا کەموتێع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند، هەڵوێستی عێراق بەرانبەر بە ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە لاواز نەبوو، بەڵکوو سەرکەوتوو بوون لە دوورخستنەوەی جەنگ و ناخۆشی و کارەساتەکانی لە عێراق. گوتیشی، عێراق بە توندی سەرکۆنەی هێرشی ئیسرائیلی بۆ سەر ئێران کرد کە مەبەستی بوو زیان بە ئاسایش و ئاشتیی ناوچەکە بگەیەنێت.

محەممەد شیاع سوودانی ئاماژەی بەوەش کردووە، عێراق ڕووبەڕووی هەر هەوڵێکی ناوخۆیی و دەرەکی دەبێتەوە کە زیان بە ئاسایشی وڵات بگەیەنێت.

سوودانی باسی لەوەش کرد، حکوومەت بە گوڕەی بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق، مامەڵەی لەگەڵ ووداو و پێشهاتەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە کرد و هێزە سەربازییەکانیان ووبەووی هەرشی درێنی خکوژ بوونەوە.